KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:05 6-6-2007

## چەند سەری بڵندە ڕێبوارکەریم وەلی جاشەکانی هەراسان کردووە ... ئامانج عەبدوڵا سوور

رۆژنامەڤانی راستینە ئەوانن کە ناویان لەدیرۆکدا بەهەڵوێست تۆمار دەکەن لەنێوکۆی رۆشنبیریشدا



هەروایە بلۆکی رۆژهەلآی سۆڤیاتی روخا کەچی ناوی دانییل وسیتیافیسکی بۆ هەتاهەتایە بەشکۆمەندی مایەوە ئاخر ئەوان ئەورێگایەیان هەڵبژاردبوو بەگژ وجودی خیانەت دا بچنەوە!!مێژوو نەبەکەس لغاودەکری ونەچاوپۆشی لەکەسیش دەکات ئەوەی ساتێك ئامادەبێت بۆ نیشتیمانەکەی بەپێوەبوەستی رێك ناوی لەخانەی نیشتمانی تۆمارکراوە لی ئەوانەی بەدەست لەپشتدان ونەقیزەی ئەم وئەو پەلامار دەدەنەوە بەرووی شەفافیەتدا خۆیان لەناو دنیایەکی پر لەتەپوتۆزدا دەبیننەوە!!لەگەلآی سەرشەقامەکان بێنازتر کەبا دەیانبا ودەیانهێنی سوکتر لەو پروشانەی بایەکی زستان بەروخسارماندا دەیپرژێنی!کەچی ئەوانەی رووبەرووی رەشابا شومەکەی ملکچی ودەست بەسنگەوەگرتن وملشۆرکردنەوە بۆ داگیرکەرو نوشتانەوە لەبەردەم ئیمزا کاڵەکاندا دەچنەوە ئەوانە هێند پیرۆزن بۆهەتایە هەتایە ناویانمان لیبزرنابێت..

ئیرەیی دەبەم بەرێبوار کەریم وەلی هێند جاشەکانی هەراسان کردووە بگەنەوە دۆسیەی داگای لەسەر بکەنەوە ئەوە رێبوارە ئەورۆژنامەنوسە سەرکەش وسەرچڵ ولێزان ونیشتیمانیەی هێند راشکاوو ورياوکارزانە سڵ لەخیڵی جاشان ناکاتەوە!!

رێبوار رقی پیرۆزی ئەستور کردوین تابتوانین بەگژ ئەوبریارە شومەدا بچینەوە رۆژگارێك ئێمە ی ئەم نەوە تازەیە لێی بەرپرس نەبوین بریارێك بەرەیەکی دیفاکتۆ لەدوای راپەرین بەرپای کرد بەناوی لێبوردنەوە تابتوانین بڵێن ئەوە ئێوەن لێیان خۆش بوون وئێمەش نەوەی کلتورێکین بەئازادی ئاشنا بوین لەوانەخۆشنابین مێژوویان شەلآڵی خوێن کردوین..

پشت ئەستور بە رێبوار ئەوە تۆی دەتوانیت بڵێیت لەشکرێك لەگەنج لەپشتمەوەیە نەك ئەو دۆراوانەی لەو جاشە شکست خواردوو ترن کە دادگای لەتۆگرتووە.. هەرچی دادگا دیرابێت لەهەر رۆژنامەنوسێك بارێکی یاسایی لەپشتەوە هەڵگرتبی پاساوێکی بەدوای خۆی دا راکێشاوە هەربەتەنها ئەو دادگایە نەبێت کەلەتۆ گیراوە چونکە جاش ورابردوو لێخنەکان لێیان گرتویت، دلنیا بە هەرتۆ دەیبەیتەوە وئەوان شکست خواردوو چۆن وان تەمی نابن خیانەتیان بەشیرەوە خواردووە مەگەر نەتابیستووە ناسر ووتەنی ئەوەی یەك جار نیشتمان بە پارە بگۆریتەوە ئەمرێت وئەو هەرخاینە بەنیشتیمان... لی ئەوەی تۆگتوتە بەر زایەڵەی نارەزایی هەموانە بەرامبەر وان ئەمرۆ یان سبەی وادەیان دێت...

تێبینی/
ئەم وتارەم دوای ئەوە نوسی کەلەنیشتیمان نێت ئەو هەواڵەم بەرچاوم کەوت رێبوار لەلایەن موستەشارەکانەوە رووبەرووی دادگا دەبێتەوە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.